# مێژووی ئاینی ئەمەریکا



و/هێمن مەحمود –دەربەندیخان
Hemnm1979@yahoo.com

(ئیدوین گۆستاد و لێڤی شمید) دولێکۆڵیارن،کە یەکەمیان مامۆستایە لە زانکۆی کالیفۆرنیا و ئەوەی دوهەمیشیان مامۆستایە لەزانکۆی برنستۆن و هەردوکیشیان لە گەورە ئەکادیمیستەکانی ئەمەریکان.

لە تازەترین کتێبیشیاندا وێنەیەکی تەواومان لەسەر مێژوی ئاینی ئەمەریکا دەدەنێ هەر لەسەرەتای ئیستیعمارکردنیەوە لەلایەن ئینگلیزەکانەوە لەسەدەی حەڤدەیەمەوە هەتاوەکو ئەمڕۆمان.

ئەوەشتێکی زانراوە کە ئایندارى گەلی ئەمەریکی یان بەشێکی زۆری ئەو گەلە مایەی سەرسوڕمانی ئەوروپیە عەلمانییەکانە بەشێوەیەکی گشتی و بەتایبەتیش فەرەنسیەکان.

لە ئەمەریکادا بەهەزاران کەس لە یاریگایەکی گەورەی تۆپی پێدا کۆدەبنەوە لە پێناوی ڕاگەیاندنی ئیمانەکەیان یان جێبەجێکردنی شەعائیر و نوێژەکانیان،هەروەها هەر لەو وڵاتەدا سەرۆکی هەڵبژێردراو سوێند بەکتێبی پیرۆز (جاتەورات بێت یان ئینجیل) دەخوات، کە ئەمەش کارێکی مەحاڵە لە فەرەنسادا،هەروەها لەسەر دراوی نیشتیمانی(دۆلار) نوسراوە:

بڕوامان بەخوا هەیە..هتد...

بەڵام ئەمە بەمانای ئەوە نایەت کە ئەمەریکا وڵاتێکی ئوسوڵیە وەك ئەوەی گومانی دەبەین ،چونکە لەواقیعدا دەستور دان بەعەلمانیەتبونی دەنێت و ئاینیشی جیاکردۆتەوە لە دەوڵەت،بەڵام گەلی ئەمەریکی لەگەلانی ئەوروپی زیاتر پەیوەستن بە ئاینەوە،ئەم پەیوەستبونەش بە ئاینەوە هیچ ڕەنگدانەوەیەکی سیاسی نیە،بەڵام چەند خاڵێکی هاوبەشیشیان لەگەڵ گەلانی ئەوروپیدا هەیە،ئەمە جگە لە عەلمانیبونیان هیچ ئاینێکی ڕەسمیشیان نیە بۆ دەوڵەت.

ئەوە ڕاستە کە مەسیحیەت بە مەزهەبە پرۆتستانتیەکەیەوە لەوێ باڵادەستە،بەڵام پرۆتستانتی ئاینی دەوڵەت نیە،ئەمەش کاسۆلیکەکانی ئاسودەکردوە کە ڕکابەری ئەوانن هەرچەندە کەمینەشن،هەربۆیە هەموو هاولاتیان لەبەرامبەر یاسادا یەکسانن هەرچەندیشە سەر بەمەزهەبی زۆرینە یان کەمینەبن.

ئەمە سەرەڕای ئەوەی کە ئەمەریکا وڵاتێکەلە ڕووی ئاینیەوە وڵاتێکی فرەیی یە و لێبوردەییەکی گەورەی تیادایە ئەویش بەوەی کە بۆ ئاینی زۆرینە نیە خۆی بەسەر ئەوانی دیکەدا بسەپێنێت،هەروەها لەو چوارچێوەشدایە کە هەموو ئاینێك یان مەزهەبێك ئازادە لەبون ودەربڕینی بۆچونەکانیدا،بەجۆرێك جگە لەمەسیحیەت بەهەردوو مەزهەبەکەیەوە،یەهودی و ئیسلام و بوزی و هیندۆسی و ئاینەکانی دیکە لەوڵاتەدا هەن.

لەبەرئەوەی کە دەوڵەتەکە عەلمانیە ئەوا هیچ ئاینێك ناسەپێنێت بەسەر ئاینێکی دیکەدا،هەروەها هیچ مەزهەبێکیش بەسەر مەزهەبێکی دیکەدا،بەڵکو ڕێزی هەموو ئاین ومەزهەبێك ومەزهەبێك دەگرێت.

هیچ ئاینێك نیە ڕاست بێت و ئەوانی دیکە هەڵەبن.

ئەوەشی کە تایبەتە بە بنەمای ئاینی کە مینەکانی ئەمەریکاوە نوسەران دەنوسن:

ئەم فرە ئاینیە ڕەگەکانی دەگەڕێتەوە بۆ کرانەوەی ئەمەریکا بەسەر خودی خۆیدا،هەر ئەم کراوەنەوەشە بوە بەهۆی پێکەوە ژیان و کۆکردنەوەی سێ ئاین یان ڕۆشنبیری جی اواز:ڕۆشنبیری هیندیە سورەکان،واتە دانیشتوانە ڕەسەنەکەی ولآت،و ڕۆشنبیری ئەوروپی داگیرکەرەکان،و ڕۆشنبیری ئەفریقیە ڕەشپێستەکان،ئەوانەی کە وەکو کۆیلە گەیەنرانە ئەوێ ولە کێڵگەکاندا خرانە سەر کار.

هەروەها دەنوسن:

بەلآم فرەیی مەزهەبە مەسیحیەکان دەگەڕێتەوە بۆ فرەیی کۆچکەرە ئەوروپیەکان،بەجۆرێك ئینگلیزەکان لەگەڵ خۆیاندا مەزهەبی پرۆتستانتی،و ئێرلەندیەکان مەزهەبی کاسۆلیکیان هێنا،دەتوانین ئەوەش بڵێین کە مەزهەبی پرۆتستانتی یەکەمجار گەشتە ولآت،ئەمەش لەسەرەتای سەدەی نۆزدەهەمدا بوو.

زۆرێك لەمانە لە ئینگلتەرە یان لە ولآتانی دیکە لەترسی ئەو سەرکوتکردنە تائیفیە ڕایانکردبوو کە کاسۆلیکەکان ئەنجامیان دەدا و ساڵی 1620 ئەم جیهانە تازەیان دۆزییەوە بۆ ئەوەی ببێت بە پەناگەیەکی ئارام بۆیان.

ئەمانە هەر بەتەنها لە ئینگلەتەراوە نەهاتن،بەڵکو لە هۆڵەنداشەوە.

ئایا ئەوە دەزانین کە نیۆیۆرك لەسەرەتاوە پێیان وتوە:ئەمستردامی نوێ!

ئەمەش لەبەر ئەوەی کە هۆڵەندییەکان تیایدا نیشتەجێبون.

بەدڵنیاییەوە هەر بەتەنها پاڵنەرەکان ئاینی نەبون بۆ کۆچکردنی ئەو هەموو خەڵکە بۆ ئەمەریکا،بەڵکو پاڵنەری ئابوریش هەبوە.

هەموان ناوبانگی دەوڵەمەندی ئەم ولآتەیان بیستبو و هەوڵی ئەوەیان دەدا لەوێ خەونەکانیان لە ژیانێکی خۆشنودا بهێننە دی.

هەر بەمجۆرەشە کە پرۆتستانەکان بونە مەزهەبی زۆرینە لە ئەمەریکا.

دواتریش لەدوای ئەوان کۆچی ئەوروپیەکان بۆ ئەمەریکا دەستپێدەکات کە ئەمجارە زۆرینەیان کاسۆلیکین.

بەلآم بەرلەوەی بگەین بەوە پێویستە بڵێین کە کەنیسەی پرۆتستانتی لەساڵی 1845ەوە دابەشبوبو بۆ دووبەشی سەرەکی:

بەشێکی لیبراڵی کە دژی کۆیلەیەتی ڕەشپێستەکان بون ،و بەشێکی موحافیزکارەکان کە لەگەڵ بەکۆیلەکردنی ئەوانەدابون.

ئەوانەی یەکەم لە ویلایەتەکانی باکوردا بلآوبوبونەوە،و ئەوانەی دوهەمیش لە ویلایەتەکانی باشوردا.

هەر ئەمەش بوبەهۆی هەڵگیرسانی شەڕی ناوخۆ،ئەو شەڕەی کە سەدەها هەزار کەسی لە هەردولا تیادا بوە قوربانی و بەتیرۆرکردنی سەرۆکی گەورە(ئەبراهام لینکۆڵین ) کۆتایی هات کە سەختترین دوژمنی کۆیلە وکۆیلایەتی بوو.

ئەم سەرۆکە کۆمەڵێك توندڕەوی ویلایەتەکانی باشور تیرۆریانکرد.

دواتر نوسەران بەردەوام دەبن ودەنوسن:

دوای کۆتایهاتنی جەنگی ناوخۆ و تەنانەت لەسەرەتای جەنگی یەکەمی جیهانیشدا کۆمەڵگای ئەمەریکی توشی چەندین گۆڕانکاری گەورەهات،بەجۆرێك بوو بە کۆمەڵگایەکی پیشەسازی،شارستانی،فرەیی لەڕەگەز ومەزهەب و ئاینەکاندا.

بەهۆی پاڵەپەستۆی زیاتری پیشەسازی و زانستیشەوە عەلمانیبونەکەی پەرەی دەسەند،وە چیدی پرۆتستانتەکان نەیاندەتوانی وەك بەرەیەك لەپشتی تەقلید و کتێبی پیرۆز و قەشەکانەوە بمێننەوە.

بیرە ئەوروپی یە ڕۆشنگەرەکانیش گەشتبون بە ئەمەریکا و لەنێوان ناوەندە ڕۆشنبیری و توێژە بالآکانی کۆمەڵگادا بلآوتردەبویەوە.

ئەمەش ڕکابەرێکی گەورەبوو بەنیسبەت پرۆتستانتەکانەوە،واتە ئاینی زۆرینە،لەهەموو ئاستە ڕۆشنبیری وکۆمەلآیەتی وسیاسیەکانیشەوە.

ئەو کاتیش جەنگێکی گەورە هەڵگیرسا لەنێوان ئوسوڵیە پرۆتستانتیەکان و زانستی تازەدا بەتایبەت تیورە داروین،دەتوانین بلێین ئەم جەنگە بەجۆرێك لەجۆرەکان تاوەکو ئێستاش بەردەوامە،ئوسوڵیەکان سوربون لەسەر ئەوگێڕانەوەی کە (تەورات) لەسەر دروستبونی مرۆڤ و کەون پێشکەشیکردوە،ئەمە لەکاتێکدا لیبراڵەکان و عەلمانیەکان و تازەگەرەکان بڕوایان بەتیۆرەکەی داروین و زانستی تازە هەبوو،ئەو تیورەی  کە دیندارەکان دژی بون و پێی وایە مرۆڤ جگە لە ئاژەڵێکی پێشکەوتوتر هیچی دیکە نیە(یان مەیمونێك کە خاوەن عەقڵ و زیرەکییەکی پێشکەوتوە و لەبری ئەوەی لەسەر چوارپێ بڕوات لەسەر دوو پێ دەڕوات).

لە واقیعدا بنەڕەتی ئەم ناکۆکی و پێداکێشانە زۆر لەوە قوڵترە،چونکە ئاینداەکان باوەڕ بەهەموو ئەو قسانە دەکەن کە کتێبی پیرۆز دەیانکات و وەك خۆی وەریدەگرن،بەلآم لیبراڵەکان تەنها باوەڕبەوە دەکەن کە عەقڵی تەجریبی و زانستی تازە دەیسەلمێنێت.

هەربۆیە پێکداکێشانی نێوان مەشروعیەتی وەحی مەسیحی لەلایەك و مەشروعیەتی زانستی تازە و  مەنهەجیەتە هەڵهێنجراوەکە لەلایەکی دیکەوە ڕودەدات،هەر ئەم پێکداکێشانەشە کە لە ئەوروپاوە دەگوازرێتەوە بۆ ئەمەریکا لەهەردوو سەدەی هەژدەیەم و نۆزدەیەمدا،وەك چۆن دواتریش دەگوازرێتەوە بۆ جیهانی عەرەبی و پارچەکانی دیکەی جیهان.

دواتر مەسیحیەکانیش دەبن بەدوو بەشەوە:

بەشێکی ئوسوڵی توندڕەو بەشێکی لیبراڵ.

بەڵام مەبەستمان لە ڕەوتی لیبراڵیەتی مەسیحی چیە؟

ئەو ڕەوتەیە کە دەقە پیرۆزەکان بەخوێندنەوەیەکی حەرفیانەوە وەرناگرێت بەڵکو بە خوێندنەوەیەکی مەجازییانەوە،بڕواشیان وانیە کە تەورات یان ئینجیل کتێبگەلێکبن لەسەر زانستی فیزیا یان کیمیا یان بیرکاری یان فەلەك.

جابۆیە هەموو ئەوەی کە کتێبی پیرۆز دەربارەی دروستبونی کەون و مرۆڤ دەیخاتە ڕوو دەبێت مەجازییانە  وەریبگرین:

واتە جگە لە چیرۆکێکی شیعری هیچی دیکە نیە.

ئەوە تەنها زانستە کە زانیاری ورد و بەڵگەنەویستی عەقڵیمان دەربارەی دیاردەکانی گەردون دەداتیّ،بۆیە دەبێت ئەوەی تایبەتە بەمەعریفەی گەردون و دیاردە و سروشتەوە لە زانستەوە وەریبگرین،وەهاش سەیری ئاین بکەین کە بریتی یە لە چەند ڕێنماگەلێکی ڕۆحی و ئەخلاقی کە ڕێگای ڕاستمان لە ژیاندا پیشاندەدات و ڕەوشتی ڕۆژانەشمان چاکتر دەکات.

بەڵام هیچ زانیارییەکی بڕواپێکراومان لەسەر دیاردەکانی سروشت ناداتیّ،چونکە ئەمە ئەرکی ئەو نیە،ئەرکی زانستە بەتەنها،جابۆیە ئەگەر ئێمە ئاینمان لەشێوە ڕاستەقینەکەی خۆیدا وەرگرت ئەوا دژی زانست نابێت،بەڵکو تەواوکەریشی دەبێت.

بەڵام کێشەکە ئەوەیە ئوسوڵیەکان دەقی ئاینی بەحەرفی وەردەگرن،ئەوکاتیش دژایەتیەکی ئیجباری لەنێوان ئەو وزانستی فیزیا یان کیمیادا ڕوودەدات.

دەقە مەسیحیەکان بارینی باران یان هەڵکردنی ڕەشەباکان وەها وەسفدەکەن کە لە ڕێگای هێزە غەیبانی و لە توانابەدەرەکانەوە ڕوودەات،ئەمە لەکاتێکدا زانست وەها تەفسیری دەکات کۆمەڵێك یاسای سروشتی یە و هیچ پەیوەندییەکی بەغەیب یان بە ئەفسانەو موعجیزەکانەوە نیە.

یان ڕەوتی لیبراڵی مەسیحیەکان بڕوایان وایە مەملەکەتی خودا لەسەر زەوی لەڕێگای پێشکەوتنی زانستی و بەدیهێنانی ڕەفاهیەت وخۆشبەختی بۆ هەمو نەوەکانی کۆمەڵگاوە بەدیدێت.

بەڵام ڕەوتی ئوسوڵی بڕوای وایە مەملەکەتی خودا بەدینایەت تاوەکو دوای ڕۆژی لێپرسینەوە و بەتەنها لەو دونیا بەدیدێت و لەم دونیا بەدینایەت.

بەمجۆرە دەبینین دژایەتیەکی قوڵ هەیە لە نێوان ڕەوتی ئوسوڵی و ڕەوتی لیبراڵیدا لە ئەمەریکا،بەڵام بە پێچەوانەی ئەوەی گومانی دەبەین ڕەوتی لیبراڵی زۆرینەیە نەوەك ڕەوتی ئوسوڵی هەرچەندیشە ئەم ڕەوتەی دوایی لە پاش کارەساتی 11ی سێپتەمبەرەوە بوژاوەتەوە.

بەڵام مەزهەبی کاسۆلیکی زۆر درەنگ لە دوای پرۆتستانەکانەوە گەشتە ئەمەریکا،با بەژمارە هەندێك زانیاری بخەینە ڕوو:

یەکەم دەستەی ئەمانە لە ساڵی 1800 پێیان نایە خاکی ئەمەریکاوە و لە ئێرلەندە و ئەڵمانیاوە زۆربەیان هاتبون و ژمارەیان 35000کەس بوو.

دواتر لەساڵی 1860دا ژمارەیان بوبو بە 2ملیۆن کەس،ئەمڕۆش ژمارەیان زیاترە لە 70 ملیۆن کەس،لەدوای پرۆتستانتەکانیشەوە کە ژمارەیان 200 ملیۆن کەسە بە پلەی دوهەم دێت.

لە دوای ئەوانیشەوە کەمایەتیە عەرەبی وئیسلامی و یەهودی و بوزی وچینی و کۆنفۆشیوسیەکان دێن.

بەمجۆرە گەر سەرنج بدەین ویلایەتە یەکگرتوەکانی ئەمەریکا وڵاتێکە پڕ لە ئاین و مەزهەبەکان.

سەرچاوە/

سایتی البیان الکتب